# فیقهی ئاسان: پەرتووکی نوێژ: دەروازەی سێهەم: کاتەکانی نوێژ

# الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب الثالث: في مواقيت الصلاة

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# کاتەکانی نوێژ

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕێزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی کاتەکانی نوێژەوە ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە خۆی لە دیار کردنی کاتی هەر پێنج نوێژەکەدا دەبینێتەوە، فەرموون ئێوە و ووتارەکە .

ژمارەی نوێژەکان لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژن، هەر نوێژێکیش بەو شێوەیەی کە شەرع دیاری کردووە کاتێکی دیاری کراوی خۆی هەیە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا ﴾ [1]، واتا: بەڕاستی نوێژ لەسەر باوەڕداران فەرزێکە، کات و شێوەی کردنەکەی لای خوا دیاریکراوە، بۆیە دروست نیە پێش هاتنی کاتەکانیان ئەنجام بدرێن .

دیاریکردنی کاتی ئەم نوێژانەیش بەو فەرموودەیە ثابت وجێگیر کراوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { وقت الظهر إذا زالت الشمس وكان ظل الرجل كطوله، ما لم يحضر العصر، ووقت العصر ما لم تصفر الشمس، ووقت صلاة المغرب ما لم يغب الشفق، ووقت صلاة العشاء إلى نصف الليل الأوسط، ووقت صلاة الصبح من طلوع الفجر ما لم تطلع الشمس، فإذا طلعت الشمس فأمسك عن الصلاة، فإنها تطلع بين قرني شيطان} [2] .

واتا: کاتی نوێژ نیوەڕۆ ئەو کاتەیە کە خۆر لەنێوەندی ئاسمان لادەدا تا ئەو کاتەی سێبەری هەر کەسێك هێندەی باڵا و بەرزی خۆیەتی، مادام هێشتا کاتی عەسر نەهاتبێت، وە کاتی نوێژی عەسریش لەدوای ئەوەوە دەست پێدەکات تا زەردایی ئاسمان دەرنەکەوتووە، وەکاتی نوێژی شێوانیش (مغرب ) لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژئاوا دەبێت، تا ئەو کاتەی کە شەفەقی سوور ئاوا دەبێت، وە نوێژ

(1) سورەتي النساء : ئايەتی : 103.

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (612) ڕیوایەتی کردووە .

خەوتنانیش ( عیشا ) لەدوای کۆتایی هاتنی نوێژی شێوان تا نیوەی شەوی ناوەڕاستە، وە کاتی نوێژ بەیانیش لە هەڵهاتنی سپێدەی بەیانیەوەیە تا ئەو کاتەی ڕۆژ هەڵدێت، جا کاتێك ڕۆژ هەڵهات، ئیتر نوێژ مەکەن، چونکە ڕۆژ لەنێو هەردوو شاخی شەیتانەوە هەڵدێت .

نوێژی نیوەڕۆ کاتەکەی لەوێوە دەست پێدەکات کە ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان لادەدات، واتا: ئەو کاتەی ڕۆژ لەنێوجەرگی ئاسمانەوە مەیلی بەلای ڕۆژئاوادا دەچێت، وە کاتەکەشی درێژ دەبێتەوە تا ئەو کاتەی کە سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی سێبەری خۆی لێدێت، وە سوننەتە کە لەسەرەتای کاتەکەیەوە ئەنجام بدرێت، مەگەر کاتێك نەبێت کە زۆر گەرم بێت، لەو کاتەدا سوننەت وایە دوا بخرێت بۆ ئەو کاتەی کە فێنك دەکات – بەو مەرجەی لە کاتی دیاری کراوی نیوەڕۆ لا نەدات -، مەبەست ئەوەیە نزیك بێت لە کاتی نوێژی عەسرەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إذا اشتد الحر، فأبردوا بالصلاة، فإن شدة الحر من فيح جهنم } [1] ، واتا: کاتێك گەرما تینی هێنا، بە نوێژ کردن فێنکی بکەنەوە، چونکە تینی گەرما لە گڕ وگڵپەی دۆزەخەوەیە.

کاتی نوێژی عەسریش لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە کاتی نوێژی نیوەڕۆ کۆتایی دێت، واتا: ئەو کاتەی کە سێبەری هەموو شتێك هێندەی خۆی لێدێت، وە بە ئاوابوونی ڕۆژیش کاتەکەی کۆتایی دێت، ئەو کاتەی کە ئیتر زەردایی ئاسمان نامێنێت، وە سوننەتە کە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی، واتا، لە سەرەتایی کاتەکەیەوە بکرێت ودوانەخرێت، نوێژی عەسر نوێژی ( الوسطى ) یش پێدەوترێت کە خوای گەورە لە بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴾ [2]، واتا: هەموو نوێژەکان بپارێزن و، لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدەن و، مەیانفەوتێنن و( الصلاة الوسطى) لەناویاندا گرنگی بە نوێژە ناوەڕاستەکە بدەن. سەرنجێك: لەناو زاناکاندا ئیختیلاف و جیاوازییەك - سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو نوێژە ناوەندیی و ناوەڕاستەیە- هەیە، بەڵام ڕای بەهێزیان ئەوەیە کە

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (533 -534) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (615) ڕیوایەتیان کردووە.

(2) سورەتی البقرە: ئایەتی : 238.

ئەو نوێژە ناوەندییە نوێژی عەسرە، وە هەمیشە بەملکەچیەوە بە فەرمانی خوا هەستن و، بێ دەنگ و بەترسەوە نوێژ بکەن.

پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە پارێزگاری لە ئەنجامدانی نوێژی عەسر بکرێت، وەك دەفەرمووێت: { من فاتته صلاة العصر فكأنما وتر أهله وماله }[(1)]، واتا: هەرکەسێك نوێژی عەسری بفەوتێت، وەك ئەوە وایە کە ماڵو منداڵ وخێزانی لەدەستدابێت .

وە هەروەها فەرموویەتی: { من ترك صلاة العصر فقد حبط عمله }[(2)]، واتا : هەر کەسێك نوێژ عەسری بفەوتێت، ئەوا کردەوەکانی بەتاڵ بونەتەوە .

وە کاتی نوێژی شێوان ( مغرب ) یش لە ڕۆژ ئاوا بوونەوە دەست پێدەکات تا ئەو کاتەی شەفەقی سووری کەناری ڕۆژئاوا نامێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتبوو : { وقت صلاة المغرب ما لم يغب الشفق}[(3)]، واتا: کاتی نوێژی شێوانیش تا ئەو کاتەیە کە شەفەقی سووری کەناری ڕۆژئاوا نامێنێت، وە سوننەتە کە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی لە سەرەتای کاتەکەیەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : { لا تزال أمتي بخير، ما لم يؤخروا المغرب حتى تشتبك النجوم }[(4)]، واتا : ئومەتەکەم بەردەوام لە خێردایە، مادامێك نوێژی شێوان دوانەخەن، تا ئەو کاتەی کە ئەستێرەکان تێك هەڵدێن، شەوی موزدەلیفە نەبێت بۆ ئەو کەسانەی لە حەجن، کە سوننەتە نوێژی شێوان لەگەڵ نوێژی خەوتنان پێکەوە بە کۆکردنەوە دواخستن ئەنجام بدرێت .

سەبارەت بە نوێژی خەوتنان ( عیشا ) یش کاتەکەی لە ئاوابوونی شەفەقی سووری ئاسمانەوە دەست پێدەکات تا نیوەی شەو، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) {وقت صلاة العشاء إلى نصف الليل }[(5)] .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (552) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (626 - 201) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزی فەرموودەکەش لەفزی ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (553) ڕیوایەتی کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (612) ڕیوایەتی کردووە، بەشێکە لەو فەرموودە درێژەی کە لەبارەی کاتی نوێژەکانەوە هاتووە .

(4) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، (174/4)، وە ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (418)، وە حاکمیش ڕیوایەتی کردووە (1/190-191)، وە لەسەر مەرجەکانی موسلیم بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە .

(5) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (612) ڕیوایەتی کردووە، بەشێکە لەو فەرموودە درێژەی کە لەبارەی کاتی نوێژەکانەوە هاتووە .

واتا: كاتی نوێژی خەوتنان تا نیوەی شەوی ناوەڕاستە، وە سوننەت دوابخرێت تا كۆتا كاتی هەڵبژێرراو ئەگەر هاتوو مرۆڤ نارەحەت نەدەبوو، وە مەكروهە پێش ئەنجامدانی نوێژی خەوتنان مرۆڤ بخەوێت، وە پاش ئەنجامدانیشی قسە وگفتوگۆ بكات، مەگەر لەبەر بەرژەوندیەك نەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: { أن رسول الله كان يكره النوم قبل العشاء، والحديث بعدها } [1]، واتا: پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) خەوتنی پێش نوێژی خەوتنانی پێ باش نەبوو، وە قسەكردن و گفتوگۆ كردن لە پاش ئەنجامدانیەوە.

وە كاتی نوێژی بەیانیش لە هەڵهاتنی سپێدەی دووەمەوە دەست پێ دەكات تاوەكو هەڵهاتنی خۆر، وە سوننەتە كە پەلە بكرێت لە ئەنجامدانی ئەگەر هاتوو تەواو دڵنیا بوویت لە هاتنی كاتەكەی ...

ئەم كاتانەی كە ئاماژەمان پێدان كاتە دیاریكراوەكانی هەر پێنج نوێژەكەیە، كە واجبە موسڵمانان پابەند بن پێوەی و پارێزگاریان لێ بكەن، وە بەهیچ شێوەیەك دوای نەخەن، چونكە خوای گەورە هەڕەشەی كردووە لەو كەسانەی كە لەكاتی دیاری كراوی خۆی نوێژەكانیان دوادەخەن، وەك فەرموویەتی: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ ﴾ [2]، واتا: ئینجا سزای سەخت بۆ نوێژ خوێنەكان، ئەو نوێژخوێنانەی گوێ نادەن بە نوێژەكانیان و كاریگەری نیە لەسەریان و دڵی نادەنێ و لێی غافڵن، ولەكاتی خۆیدا بێ هیچ هۆیەك دوای دەخەن.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ۞ فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ﴾ [3]، واتا: لە دوای ئەوان كەسانی لاساری ناشیاو بوونە جێگریان، بەڵێ پەیدابوونی ئەو خەڵكە لارولاسارە لەپاش ئەو پێغەمبەرە نەجیب و خانەدان و بەڕێزانەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونكە دەگونجێت ئادەمیی هەموو جۆرە توخمێكی لێبكەوێتەوە: خراپ و چاك، راساڵ ولاسار، گێرە شێوێن و چاكساز ئەوسا نوێژەكانیان زایە كردو بەلایا نەچوون، وەیان زۆر خاوو سست بون تێیدا، بۆیە دەستەیەك لەپێشینان و پاشینان و پێشەوا ناودارەكانمان وەكو پێشەوا ئەحمەد و ئیمامی شافیعیی

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (568) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (647) ڕیوایەتیان كردووە .

(2) سورەتي الماعون: ئایەتی : 4- 5 .

(3) سورەتي مریم: ئایەتی : 59 .

لە ڕایەکیاندا نوێژ نەکەر بە بێباوەڕ دادەنێن،، ئەو کەسانە شوێن ئارەزووی نەفسی خۆیان کەوتن، ئەوانە تووشی ئازارو زیان دەبن و دەگەن بە تۆڵەی سەر لێشێواییان لە دنیاو لە ئاخیرەتدا.

ئەنجامدانی نوێژەکان لەکات و ساتی دیاری کراوی خۆیاندا یەکێکە لەو کارانەی کە لای خوای گەورە زۆر خۆشەویست و بە فەزڵن، چونکە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) چی کارێك زۆر خۆشەویستە لای خوای گەورە وپەروەردگار؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: { الصلاة على وقتها }[1]، واتا : ئەنجامدانی نوێژ لەکاتی خۆیدا..

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین لەو کەسانەمان بگێڕێت کە پارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن وە لەکاتەکانی خۆیاندابە کۆمەڵ ئەنجامی دەدەن، وە وامان لێ بکات هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی نوێژ خوێنان بین، چونکە بەڕاستی ئامادە بوون لە ڕیزی یەکەمی نوێژ دەستکەوتێکی گەورەیە ئەگەر خوای گەورە بە نسیبی هەر کەسێکی بکات] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) بوخاری و موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (527) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (85 - 139) ڕیوایەتیان کردووە .